پـــاریزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (3146)] ساڵی ٢٠١٩

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)

بۆ پرۆژەی: (دروست کردنی ناوەندی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان لە چەمچەماڵ).

پـــاریزگای سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینـای پـــاریزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقی کـە ناگەڕێتـەوە بـۆ بەڵێنـدەرو کرێـی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردەدەکرێت .

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٩/٢/٢٨) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٩/٣/١٤) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠١٩/٣/١٨) کاتژمێر (١٠:٠٠) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی (٢٠١٩/٣/١٨)دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر.

٤- ئەگەر ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێتە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر.

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٦-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (١٢٠) سەد وبیست ڕۆژ (ڕۆژی ڕۆژمێری) .

٧- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەسەتە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٨- پێویستە کۆمپانیاکان ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی٢٠١٩.

٩-پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانی کراین بۆ ساڵی ٢٠١٩.

١٠- پێویستە کۆمپانیا پێکهاتەی کارگێری دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات و هاوپشکەکانی کۆمپانیا دیاری بکات بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە. .

١١- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

١٢- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

١٣- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (90) ڕۆژە لەدوای بەڕواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٤- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپاریزی (تحفظ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١٥- پاریزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

١٦- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١٧- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

١٨- پێوستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

١٩- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پاریزگای سلێمانی بکات+jcc.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە (٢- ٨) دا بێت، وە پێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان) دوە دەرچوبێت و بەڕواری بەسەر نەچووبێت و پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانیان) پێبێت بەڕواری بەسەر نەچووبێت .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

ئەحمەد عەلی ئەحمەد

جێگری پاریزگاری سلێمانی بۆ

کاروباری هونەری

٢٠١٩/٢/٢٨

وێنەیەك بۆ

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پاریزگای سلێمانی +jcc/بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن .
- ب.گرێ بەستەکان/ بەشی IT /بۆ کاری پێویست .
- سایتی پاریزگا /بۆ کاری پێویست و بلاوکردنەوەی.
- ب . ژمێریاری/بودجەی ڕێکخراوی undp
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- فەرمانبەری تایبە تمەند بەکاری بلاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی مالپەری www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٣١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پاریزگا / کاروباری تەندەر یان email:slemani.gov.tendering@gmail.com

بەڕێوەبەری گرێبەستەکان	ل.کاروباری تەندەر	ئە. چێکی تەندەر	ئە. ئامادەکردنی تەندەر
	٢٠١٩/٢/٢٨		